راپۆرته هەواڵ

## خۆڕاگەیاندنی ئەنجومەنێك بۆ پزیشكە كوردەكانی دانیشتوانی هۆڵەندە

لە: ( دڵشاد.م.حسێن)ەوە




ڕۆژی شەممەی ڕێكەوتی 2004/12/11 لە هۆڵی یانەی كوردی لە ئەمستردام لەسەر خواستی ئەو كۆمەڵە پزیشكە كوردەی ساڵانێكە وەك دۆست و ئەندامی یانەكەمان كە لە زۆربەی كۆڕو كۆبونەوەكانی "میدیـا" بەشدار بوون و چەندین جار كۆڕی زانیاری بەخشینیان بۆكۆمەڵگاكەمان پێشكەش كردووە، دانیشتنێكی دۆستانەیان لە ناوخۆیاندا ساز كرد كە ژمارەیەكی زۆری پزیشك و خوێندكاری بواری پزیشكی و كارمەندی و دەرمانسازی كوردی لە هۆڵەندە لە خۆ گرتبوو.

سەرەتای دانیشتنەكە لە لایەن سەرپەرشتكاری "میدیـا"ی ئەمستردامەوە بەخێراهاتنی ئامادەبووان كرا و پاشان بەڕێوەبردنی دانیشتنەكە درایە دەست بەڕێز دكتۆر كامەران مستەفا سەعید، كە ئەندامێكی دێرینی میدیـا و پزیشكی خێزان (هاوس ئارتس)ە لە شاری زوتەمیر، بەڕێزی مەبەستی كۆبونەوەكەی ڕوونكردەوە، كە وەك لە نامەكەی "میدیـا"دا هاتووە، ئەمیش ووتی بۆچی دانیشتكی دۆستانە بۆ دكتۆرەكان...؟ ئەم دانیشتنە خاڵێكی دەست پێكردنە بۆ كار و پلان و بەرنامەی داهاتوو، دكتۆر و كارمەندە پزیشكی‌یە كوردەكانی هۆڵەندە، بە بێ جیاوازی بیروبۆچوون و ڕەنگ بتوانن خزمەتی خۆیان بە كۆمەڵگاكەمان لە ناوەوە و دەرەوەی كوردستاندا بكەن و یانەی "میدیـا"ش، كە یانەیەكی خزمەتگوزاری‌یە، بە بێ جیاوازی لەسەرەتای دامەزراندنی‌یەوە تا ئەمڕۆ بۆ هەموو گروپ و توێژەكانی كورد لە هۆڵەندە، بۆ ئەم گروپەش پزیشكەكان، لە خزمەتیاندا دەبێت.

دكتۆر كامەران لە شێوەی پرسیار و وەڵامدا ڕووی كردە یەكەیەكەی ئامادەبووان بۆ خۆناساندن لە شێوەی گفتوگۆ و دیالۆگێكی شیرین ودۆستانەدا، چەندین باس و خواسی ووروژاند، كە چەندین دكتۆری پسپۆر و بە ئەزموونی وەك بەڕێزان دكتۆر سەمیر چراخوەندی و دكتۆر غاندی قەزاز و دكتۆر عوسمان محەمەد حەمە موراد، دكتۆر مەجید صاڵح، دكتۆری دەرمانساز فەرەیدوون عەبدوڵڵا، دكتۆرە لوتفیە

موحەمەد ڕەشان، دکتۆرە ئەڵوەن ئەمین، دکتۆر حامد عەلی صادق هەورامی، دەرمانساز جوان حەمەئاغا، بەشدارین کرد، جگە لە خوێندکارانی بواری پزیشکی و دەرمانگەری بەڕێزان لیزان هەردی، لەنجە عوسمان، دڵشاد.م.حوسێن، کەنار فازیل هیدایەت، خاتوو ئاوات بەکر...هتد، دانیشتنەکەیان دەوڵەمەند تر کرد.

پاش تاوتوێکردنی ڕاوبۆچونەکان وا بەباش زانرا، ژمارەیەکی زۆری تری پزیشکی کورد لە هۆڵەندە هەن، هەوڵ بدرێت پەیوەندی بەوانیشەوە بکرێت و ئەم دانیشتنەی ئەمڕۆ ببێتە هەوێنی بەردەوامی کارکردنی ئەنجومەن(کۆمیسی)یەکی پزیشکانی کورد لە هۆڵەندە و ناوبەناو دانیشتن و کۆبونەوە ئەنجام بدەن و بتوانن لە بەینەکانیدا چالاکی و جموجۆڵی خزمەتگوزاری بۆ خەڵکانی کورد پێشکەش بکەن، کۆڕی زانیاری بەخشین سازبکەن و نامیلکەی پزیشکی بڵاوبکەنەوە و هۆڵپ دیسکێك دامەزرێنن بۆ یارمەتدان لە هەموو بوارە پزیشکییەکاندا.

شایانی باسە لێرەدا، ئەو کۆڕە پزیشکی و نامیلکانەی "میدیـا" لە ڕابوردوودا بڵاوی کردبوونەوە، نرخێندران و پێشنیاری ئەوە کرا زیاتر و فراوانتر بکرێن، لەم دانیشتنەدا زۆرێك گرفت و تەنگوچەڵەمەی پزیشکی خەڵکانی کورد، لە ڕووی نەزانینی زمان هوشیاریەوە خرایە بەر باس.

لە ئەنجامی ئەم ووتوێژەدا ئەنجومەنێکی کارگێڕی پزیشکی بە پێویست زانرا پێك بهێنرێت، کە ڕێکخستن و کۆکردنەوەی پزیشکە کوردەکانی هۆڵەندە بگرێتە ئەستۆی خۆی، بڕیار دار بەڕەزامەندی خۆیان ئەم بەڕێزانە خۆیان بۆئەم مەبەستە بپاڵێون:

1- دکتۆر غاندی قەزاز.
2- دکتۆر فەرەیدوون عەبدوڵلا.
3- دکتۆرە ئەڵوەن ئەمین.
4- دکتۆر کامەران مستەفا سەعید.
5- لەنجە عوسمان حەمە موراد - خوێندکاری کۆلێجی پزیشکی.
6- دڵشاد. م. حوسێن- خوێندکاری کۆلێجی پزیشکی.

لە کۆتایی دانیشتن و دەستنیشانکردنی ئەم دەستە کارگێڕەدا، بە کۆی دەنگ بڕیاریاندا،

* هەر سێ مانگ جارێك دانیشتنێك ساز بکەن، هەرجارەی لە یەکێك لە شارەکانی هۆڵەندە و کۆبونەوەی ئایندەیان هەر لە هۆڵی میدیای ئەمستردام بێت، هەوڵ بدرێت پەیوەندی بە سەرجەمی پزیشکە کوردەکانی هۆڵەندەوە بکرێت.

* بە ناوی ئەم دانیشتنەوە نامەیەکی پشتگیری بە هۆڵەندی و کوردی بۆ دادگای هۆڵەندی بنێردرێت، سەبارەت بە گرتن و دادگایی کردنێکی عادیلانەی بازرگانی تۆمەتباری 62 ساڵەی هۆڵەندی (فرانك فان ئەنرانت) بۆ هاوکاریکردن و فرۆشتنی مادەی کیمیاوی بەڕژێمی کۆڕبەگۆڕی عێراق و سەرۆکە دیکتاتۆرە لە ناوچووەکەی صەدام حوسێن، لە قڕکردن و جینۆسایدکردنی گەلی کورد دا.

* دروستکردنی پردێکی هاوکاری نێوان پزیشکانی ئێرە و ووڵات، بە گۆڕینەوەی زانیاری، بتوانرێت یارمەتی بواری پزیشکی و زانستی زانکۆکانی کوردستان بدرێت.

* هاندان و ڕێنمایی لاوانی کورد له دەرەوە بۆڕووکردنه پسپۆڕی‌یه جیاجیا و پێویستی‌یەکانی تری بواری پزیشکی.

* بتوانرێت گۆڤارێکی زانستی پزیشکی یان لینکێك له ماڵپەری "میدیــا"دا بۆئەم مەبەسته تەرخان بکرێت، ناوبەناو کۆڕی زانیاری بەخشینی پزیشکی بۆ هەموو گروپەکان، ژنان و گەنجان ساز بکرێت، به هۆی ڕێکخراوە کوردی‌یەکان و بەشەکانی تری "میدیــا"ی هۆڵەندەوە.

